ساڵح عاروری جێگری سەرۆکی مەکتەبی سیاسی بزوتنەوەی حەماس لە تەقینەوەکەی بەیروت تیرۆرکرا

بزوتنەوەی حەماس بە فەرمی رایگەیاند، لە تەقینەوەکەی ئێوارەی ئەمڕێی باشووری بەیرووت، ساڵح عاروری جێگری سەرۆکی مەکتەبی سیاسی بزووتنەوەی حەماس بەئامانج گیراوە.

بزوتنەوەی حەماس راشیگەیاند، بێجگە لە ساڵح عاروری، دوو سەرکردەی دیکەی قەسامیش لە بەیرووت لە ڕێگەی ئەم هێرشەوە کوژراون.

ئێوارەی ئەمڕێ (سێشەممە 2ـی کانوونی دووەمی 2024) تەقینەوەیەك بەری باشووری شاری بەیروتی پایتەختی لوبنانی هەژاند.

تەقینەوەکە لە ناوچەی شیاح – ئەلمەشرەفییەی بەیروت رووویداوە.